# کۆچ کردن و هێن و منهێنی چاولێک کردن  له کۆمه‌ڵی کورده‌واری

ئه‌گه‌ر بگه‌ڕێینه‌وه سه‌رهه‌ندێ له‌و سه‌رچاوانه‌ی باسی کۆچ کردن ده‌که‌ن ده‌بینین پێناسه‌ی کۆچ کردن کوورت کراوه‌ته‌وه له ڕۆیشتنی تاک یان کۆمه‌ڵ له شوێنی له دایک بوون واتا ووڵاتی دایک بۆ شوێنێکی ترکه به بڕوای خۆی گوونجانی تێدا باش تره‌و هه‌ڵ ی مانه‌ووه‌ی زۆرتره.له راستی دا ئه‌م پێناسه‌یه وه‌ک کورد ده‌ڵێ پڕ به پێست نیه  ئه‌گه‌ر بێت وبه‌دیقه‌ت تر سه‌یری که‌ین، چوونکه گه‌ران به‌دووای شوێنی گوونجاو وهه‌ڵی مانه‌وه‌ی مرۆڤ تاکه پاڵ نه‌ر نیه که‌وا له مرۆڤ ده‌کا ڕوو  بکاته‌هه‌نده‌ران و چاره‌نوسی نادیار به ژیانی خۆی بگۆڕێته‌وه ، هه‌روه‌ک  چۆن ئێستاش  له گه‌ڕانه‌وه‌ی هه‌ندێک له‌و ئاوارانه‌ی  ده‌گه‌ڕێنه‌وه کوردستان ڕۆلی سه‌ره‌کیان نیه. ئه‌وه‌ی ئێستا فه‌رامۆش کراووه هۆکاره ده‌روونیه‌کانه که هیچ که‌متر نیه له‌هۆکاره‌کانی تر به‌ڵکوو پاڵ نه‌رێکی به‌هێزتریشه

بۆ ئه‌ووه‌ی خۆمان نه‌خه‌ینه گێژاوی بابه‌تێک که نه‌ک هه‌ر ووتارێک به‌ڵکو به کتێبێکیش ناتوانین به ته‌وواوی شیکه‌ینه‌ووه ،تیشک ده‌خه‌مه سه‌ر کۆمه‌ڵی کورده‌واری له باشوری ولاّت و به‌تایبه‌تیش ئه‌و کۆچکه‌رانه‌ی له‌دوای سه‌ره‌تای ده‌ست پێکردنی نیووه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی بیسته‌مه‌وه روویان له هه‌نده‌ران کردووه.

ئاشکرایه باری سیاسی کوردستان  هه‌ر له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌مه‌وه رووی له قۆناغێکی ته‌وواو جیا کرد ئه‌گر به‌راوردی بکه‌ین له‌گه‌ڵ سه‌ده‌کانی تردا، جگه له‌مه‌ش هۆشیاری  مرۆڤی کورد و هه‌ست کردن به مافه‌کانی رووی له لووتکه ده‌کرد. ئه‌ووه‌ش بووه هۆی شڵه‌ژانی باری سیاسی و ئابوری و کۆمه‌لاّیه‌تی مرۆڤی کورد به‌هۆی شۆرشه یه‌ک له‌دوای یه‌که‌کان و سته‌می ده‌سه‌لاّت له کوردستان جا چ خۆماڵی بێ یان بێگانه .

له نێو ئه‌وهه‌مووباره نه‌گونجاوانه‌ی ژیان دا بێ گومان  کۆچ کردن ووه‌ک تروسکه‌ی ئاگر وابوو له‌لای په‌رێزێ ووشکی کۆمه‌ڵی کورده‌واریدا که وای له خه‌ڵک کرد کۆچ کردن به تاکه چاره‌سه‌ر دابنێت.ئه‌مانه هه‌مووی بابه‌تی تازه نین، هه‌مووشمان تا راده‌یه‌ک پێی ئاشناین

ئه‌ووه‌ی که ئێستا ده‌مه‌وێ باسی لێ بکه‌م  ده‌رباره‌ی ئه‌و  کۆچکه‌رانه‌یه که نه باری سیاسی  و نه باری  ئابووری و کۆمه‌لاّیه‌تی به‌وشێوه‌یه فشاری نه‌کردوونه سه‌ر که وایانی لێ کردبێت کۆچ کردن تاکه رێگایان بێت. که‌واته تاکه شنه با که پاڵی به چادری که‌شتی ئه‌و کۆچکه‌رانه‌وه ناووه هۆکاره ده‌روونیه‌کانه. هۆکاره ده‌روونیه‌کانی که پاڵنه‌ری کۆچ

کردنن زۆرن و جیاواویشن بەگوێرەی جیاواوی تاک بەلاّم لێرەدا هۆکارێکی گشتی هەیە کە شایەنی باس کردنە کە ئەویش دیاردەی گشتی کردن یان چاو لەیەک کردن : generalization

ئەم دیاردەیە گەر بمانەوێ لێکی بدەینەوە بە مانای چاولێکرن و هەوڵی ڕۆیشتنە لەسەر ڕێگای ئەو کەسانەی لە بووارێک لە بووارەکانی ژیان سەرکەوتوونە بەبێ گوێدانە جیاوازی و ووردەکاریەکان. ئەو دیاردەیە لە دووای ئازادکردنی بەشێکی گەورەی کوردستانی باشور بەشێووەیەکی ئاشکرا باڵی کێشا بوو بەسەر بیرکردنەووەی کۆمەلاّنی خەڵکدا.ئەوە بوو بەشێکی زۆری خەڵکان بە بێ گوێدانە ماوەو هەوڵ و کێشەی دەروونی ئەو تاکانەی لە هەندەران هاتبوونەوە هەوڵی دیاردەی گشتی کردنیان دەدا بەسەر خۆیاندا ئێستاش بەهەمان شێووە ئەو دیاردەیە وا لەو جۆرە خەڵکانە دەکات کۆچێکی بە پێچەوانە بکەن بێ گوێدانە باری دەروونی وەچەکانیان تەنانەت ئامادەکردنێکی نیمچە گوونجاویشیان بۆ ناکەن کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی کێشەی گەورە تر لە ناو پێک هاتەی خێزانیان دا. بڕیار دان ئەگەر لە سەر بنەرەتی بیر کردنەووەی گونجاو نەبێت تەنها پشت بە هەستێکی شلەژاو ببەستێت نەک هەر پەشیمانی بەڵکو هەڕەشەی تێکچوونی پێکهاتەی خێزانیشی لە دوایە. هەروەک چۆن بینیمان هەزارەها لە گەنجانمان لەو ڕێگایە تیاچوون و تەرمەکانیشیان نەدۆزراوە گوایە دێن بۆ وولاّتی خەونەکان نەک بۆ وولاّتی چارەنووسی نادیار. پێشینیان بەخۆڕای نەیان گووتوە ( سواری کەر عەیبەکە هاتنە خوارێ دوو عەیب) ئەو عەیبەی کە ئەمن دەیبینم لە بڕیاری گەڕانەوە بۆ وولاّت ئەوە نیە بە مانای واتای وەری گرین و بەربەست دانێین بۆ گەڕانەووە بۆ زێدی باب و باپیرانمان، بەڵکو لەوەیە کە ئێمە باری دەروونی خۆمان تێک بدەین و کارەکانمان بە نیوەچڕی جێ بهێڵین و بەهاری بێنینە بەر چۆکان و بڕیارەکانمان پشت بەستراوبێت بە وەی کە فلاّن گەڕاوە فیسار ڕۆی .... لە کاتێک دا ڕاستیەکان بە ئاشکرا وەلاّمان دەدەنەوە دەڵێن ئەوەی کە گۆڕاوە تەنها ئەوەیە کە پارە زۆر بووە لە کوردستان نەک ئەوشێوازەی ژیان کە تۆ لە دەستی هەلاّتووی.....

**چەلەنگ بەرزنجی**